# ئادابی هەڵسوکەوت لەگەڵ زانایاندا

[ kurdish – کوردی – كردي ]

یاسین ئەحمەد زەنگەنە

**پێداچونەوەی :**پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٢ - ٢٠١١

IslamHouse.com

# ﴿ آداب التعامل مع العلماء ﴾

« باللغة الكردية »

ياسين أحمد زنكنة

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٢ – ٢٠١١

IslamHouse.com

# ئادابی هەڵسوکەوت لەگەڵ زانایاندا

زانایان پایەیەکی بەرزو شکۆداریان هەیە لە ئیسلامداو ڕێزو مافی خۆیان هەیەو بەڵگەکانی قورئان و فەرمودەو وتەی زانایان گەواهی ئەم ڕاستیەن:

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی:{شَهِدَ اللَّهُ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ وَالْمَلَائِكَةُ وَأُولُو الْعِلْمِ قَائِمًا بِالْقِسْطِ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ} {آل عمران ١٨} واتە: خوا شایەتی دەدات (واتە ڕای دەگەیەنێت و بە بەڵگە دەیچەسپێنێت) کە بەراستی هیچ پەرستراوێك نیە ئەو نەبێ، فریشتەکانیش شایەتی دەدەن (واتە ئیقرار دەکەن) و، خاوەن زانستیەکانیش شایەتی دەدەن (واتە باوەری چەسپاویان هەیە)، خوا هەمیشە دادپەروەری ڕاگرتوە.

هەروەها فەرموویەتی:{يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ} {المجادلة ١١} واتە: خوا پایەی ئەو کەسانە بەرز دەکاتەوە لەئێوە، کە بروایان هێناوە و، ئەوانەی کە زانستیان پێ بەخشراوە، بە چەند پلەیەك (پلەیان بەرزدەکاتەوە).

هەروەها فەرمویەتی: {إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ}{فاطر ٢٨} واتە: بەراستی لەناو بەندەکانی خودا تەنها زانایان (وەك پێویست (لەخوا دەترسن.
٢- پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمویەتی ( فضل العالم على العابد كفضل القمر على سائر الكواكب ليله البدر. العلماء ورثه الأنبياء إن الأنبياء لم يورثوا درهما ولا دينارا ، إنما ورثوا العلم ، فمن اخذ به فقد اخذ بحظ وافر ) {صحيح سنن ابن ماجه}.
بەواتای : فەزڵی زانا بەسەر بەندەی خواپەرستدا وەك فەزڵی مانگی چواردە وایە بەسەر هەموو ئەستێرەکاندا ، زانایان میراتگری پێغەمبەرانن ، پێغەمبەران دینارو درهەمیان بەجێنەهێلا بەڵکو زانست و زانیاریان بەجێهێلاَ ، هەرکەسێك ئەو زانست و زانیاریە بەدەست بێنێ ئەوا چاکەی زۆری بەدەست هێناوە .

ئیمامی ئەحمەد ڕەحمەتی خوای لێبێت وتویەتی خەڵکی پێویستیان بە زانست زیاترە وەك لە خواردن و خواردنەوە ، مرۆڤ ڕۆژانە دوجار یان سێجار پێویستی بە خواردن و خواردنەوە دەبێت ، بەلاَم هەموو کات پێویستی بە زانست هەیە .

**ڕەچاوکردنی ئەدەب لەگەڵ زانایان و مامۆستایاندا لە چەند خاڵێکدا دەخەینە ڕوو:**

١- گوێگرتن لە ئامۆژگارییەکانی:

پێویستە لەکاتی قسەکردنیاندا، جوان گوێ لە قسەکانیان بگیرێت و، بێ ئاگا نەبیت و بە شتی لاوەکی خۆت سەرقاڵ نەکەیت. تا سوود لە وتەو ئامۆژگارییەکانی وەرگریت و، دواتریش فەرمانەکانی جێبەجێ بکەیت، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت: {فَبَشِّرْ عِبَادِ (١٧) الَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ الْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُ} {الزمر١٧-١٨}واتە: (مژدە بدە بە بەندەکانم ئەوانەی کە گوێ دەگرن و پاشانیش شوێن قسە چاکەکان دەکەن.

پێغەمبەری خواش ( صلى الله عليه وسلم ) دەربارەی وتاری جومعە دەفەرموێت: (اذا قلت لصاحبك يوم الجمعة أنصت والإمام يخطب فقد لغوت) {رواه البخارى} واتە: کاتی وتاری ئیمام لە ڕۆژی هەینیدا، ئەگەر بە هاوەڵەکەت بڵێیت بێدەنگ بە، ئەوا غەڵبەغەڵبت کردووە .

٢-دانیشتن بەشێوەیەکی ڕێك:

پێویستە لەکاتی قسەکردنیاندا، زۆر بە ڕێکوپێکی و جوانی دابنیشیت، زۆر نەجوڵێیت و بەم لاولادا ئاور نەدەیتەوە، بەڵکو سەرنجی مامۆستا بدەیت، بۆ ئەوەی هەست نەکات کە قوتابیەکان گوێی لێ ناگرن، یەکێك لە پیاوچاکان دەڵێت: کاتێ لە وتاری مامۆستاکانماندا دادەنیشتین، بەشێوەیەك دادەنیشتین وەك ئەوەی باڵندە بەسەر سەرمانەوە بێت .

٣- ڕاست نەکردنەوەی هەڵەکانی لەناو کۆمەڵدا:

ئەگەر مامۆستا هەڵەیەکی کرد یان قسەیەکی کرد بۆ بەلاتەوەگونجاو نەبوو، یان لێکدانەوەی ترت لەو بارەیەوە بیستبوو، یەکسەر وەڵامی مەدەرەوەو مەڵێ مامۆستا ئەوە وانیە، یان فڵان زانا وای وتوە، بەڵکو بێدەنگ بە تا مامۆستا لە ئامۆژگارییەکانی تەواو دەبێت، دوایی بەتەنها پێی بڵێ و پرسیاری لێ بکە. ئەگەریش تێبینییەك پێت وابوو زۆر پێویستە پێی بڵێیت، ئەوا وەك قوتابییەکی گوێڕایەڵ، بەشێوەی پرسیار ئاراستەی بکە و داوای زانیاری پێویستی لێبکە.

٤-گوێڕایەڵی کردن و جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی:

هەر فەرمانێك مامۆستایان دەری دەکەن، پێویستە کاری پێ بکرێت، بە مەرجێ تاوان نەبێت، چونکە دین بریتیە لە گوێڕایەڵی ئامۆژگارییەکان، پێغەمبەر ( صلى الله عليه

وسلم ) دەفەرموێت: (الدين النصيحة، قالوا لمن يا رسول الله؟. قال: لله ولرسوله ولكتابه ولائمة المسلمين وعامتهم) رواه مسلم.

واتە: پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی: (دین بریتیە لە ئامۆژگاری وەرگرتن، وتیان بۆ کێ ئەی پێغەمبەری خوا( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی: بۆ خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی و کتێبەکەی و پێشەوای موسوڵمانان و موسڵمانان بەگشتی

٥- غەیبەت نەکردنی:

نابێت بە هیچ جۆرێك بواری غەیبەتی مامۆستایان بدرێت، بەڵکو دەبێت هەردەم بە رێزەوە باسیان بکرێت، ئەگەر نەنگی و هەڵەیەکیان هەبوو، پێویستە لەبەر خوا بیشاریتەوەو باسی نەکەیت لەناو خەڵکدا و دەشێت بە پەنهانی و بە ئەدەبەوە بەخۆی بوترێت.
پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت: (إياكم والغيبة .قيل: وما الغيبة؟ قال ذكرك أخاك بما يكره، قيل: أفرأيت إن كان فى أخي ما أقول؟ قال :إن كان في أخيك ما تقول فقد اغتبته، وإن كان لم يكن فيه ما تقول فقد بهته) (رواه مسلم).

واتە: پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی: (خۆتان بپارێزن لە غەیبەتکردن، وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا، غەیبەتکردن چیە؟ فەرمووی: باسی براکەت بکەیت بە شتێك کە پێی ناخۆش بێت، وتیان ئەی ئەگەر ئەو شتەی باسی دەکەن لە براکەماندا هەبوو؟ فەرمووی: ئەگەر ئەو شتەی باسی دەکەن لە براکەتاندا هەبوو ئەوە غەیبەتتان کردوە، گەر تیایا نەبوو ئەوە بوهتانتان بۆ دروست کردوە .

لەبارەی ئەو کەسانەوە کە عەیبی خەڵکی دادەپۆشن دەفەرموێت: (من ستر مسلما في الدنيا ستره الله في الدنيا والآخرة). واتە) :هەرکەسێك عەیبی موسوڵمانێك داپۆشێت لەدنیادا خوای گەورە لە دنیاو دوارۆژدا عەیبەکانی دادەپۆشێت

نابێت غەیبەتی خەڵکیش لای مامۆستادا بکەیت، بەڵکو دەبێت زمانی خۆت بپارێزێت لە خەوش و کەموکورتی موسوڵمانان.

٦- خزمەتکردن و رێز لێگرتنیان:

پێویستە قوتابی هەمیشە رێز لە مامۆستایان بگرێت و لە خزمەتیاندا بێت، عەبدوڵڵای کوری عومەر (خوای لێ رازی بێت) لغاوی ئەسپەکەی عەبدوڵڵای کوری مەسعود (خوای لێ رازی بێت)ی گرتبوو، ئیبن مەسعودیش پێی ناخۆش بوو، ئەویش

دەیفەرموو: (هکذا امرنا ان نفعل بعلمائنا) واتە: (فەرمانمان پێکراوە دەبێ ئاوا بین لەگەڵ مامۆستا و زانایانماندا

٧- دۆعاکردن بۆیان:

پێویستە لەکاتی دۆعاکردنماندا هەرگیز مامۆستاکانمان لەبیر نەچێت و تا بتوانین ئەوان پێش بخەین لە دۆعاکانماندا.

پیاو چاکێك دەفەرموێت :(ئەگەر بزانم تەنها یەك دۆعام هەیە، خوای گەورە لێم قەبوڵ بکات، ئەو دۆعایە بۆ ئەمیرەکانم دەکەم)، چونکە پێغەمبەری خوا( صلى الله عليه وسلم) فەرمویەتی: (خوای گەورەو فریشتەکانی داوای لێخۆشبوون بۆ زانایان دەکەن، تەنانەت نەهەنگ لەناو دەریاکانداو مێروله لە کونەکانیاندا داوای لێخۆشبوونیان بۆ دەکەن

٨- سەردان کردنیان:

بەپێی توانا دەبێ قوتابی سەردانی مامۆستایانی بکات و، هیچ کات لەبیریان نەکات، چونکە سەردانی زاناو دانایان، وەکو خواردنێکی بەتام و بۆن خۆش و سودبەخش وایە، هەموو کاتێك مرۆڤ دەتوانێت لێی بەهرەمەند بێت.

٩- پەلەنەکردن لێیان:

نابێت پەلە لە مامۆستا و زانایان بکرێت، بەڵکو دەبێت بواریان پێ بدرێت و ئیحراج نەکرێن، بەڵکو دەبێ لەگەڵیاندا بەئارام بیت، تا سودی تەواوت پێ دەگەیەنن، هەروەك ئیمامی عەلی کوری ئەبی تالیب دەڵێت: (نمونەی زانا وەکو دارخورما وایە، دەبێ تۆ چاوەروانی بکەیت تا شتێکی لێ هەڵدەوەرێت )

١٠-گومانی باشیان پێ بەرین :

پێویستە لەسەر فێرخواز و هەموو مسوڵمانان زمانیان بپارێزن بەرامبەر زانایان و گومانی باشیان پێ بەرن و، ئەمەو زانایان ئیجتیهاد دەکەن و مەرج نیە هەموو جار بیپێکن بەڵکو هەندێك جار هەڵە دەکەن ، ئەمەش نابێتە هۆی کەمکردنەوەی رێز و بەهای زاناکە .